ڕۆژ کەریم:

# پێویست ناکات هونەرمەند ببێتە مشەخۆر



هەر لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی هونەرمەندی لاو ڕۆژ کەریم دەرکەوت کە هونەرمەندێکە خاوەن سەلیقەیەکی هونەرییە و بەو شێواز و ستایلەی کە گۆرانی پێ دەڵێ دەتوانێت خزمەتێك بە هونەری کوردی بکات، بەشێوەیەك کە مۆرکی هونەری کوردی پێوە دیار بێت و تەقلید و لاسایی کردنەوە یاخود تێکهەڵکێشی هونەری کوردی ناکات بە هونەری دیکە و بەناوی کوردی پێشکەشی دەکات وەك ئەوەی ئێستا باوە، جگە لەوە هونەرمەند ڕۆژ کەریم هەوڵیداوە جۆرێك لە نوێخوازی لە هونەری کوردیدا بکات کە لەسەر حیسابی ڕەسەنایەتی نەبێت و دڵی گەنجانیش ڕازی بکات، بۆیە دەبینین گۆرانییەکانی دەچنە دڵەوە و زوو سەرنجی گوێگر بۆ خۆیان ڕادەکێشن، لەم دیمانەیەدا هونەرمەند ڕۆژ کەریم بەو شێوەیە بەرسڤی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.





* پێتوانییە گۆرانی (سلێمانی) دەبوایە پێشتر بگوترایە؟

- رەنگە ئێوە پێتان وابێت، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم، ئەو گۆرانییەم لەم رۆژانە ئامادە کرد پاش رووداوەکەی ٢\١٧ هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەو کاتەدا پێشکەشم کرد، چونکە شاری سلێمانی شارێکی زۆر جوان و بێبەختە، تەنیا مەبەستم لەم گۆرانییە ئەوەبوو کە بڵێم من وەکو رۆژ کەریم لەگەڵ خەم و ئازارەکانی سلێمانیدام و شارێکی تەنیا نییە.

• تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندە گەنجانەی کە خاوەن ئەزموونێکی لەنێو هونەری کوردیدا، دەتوانین بڵێین تا ئێستا شتێک هەیە بەناوی رەخنە یان رەخنەگر بەرای تۆ؟

- لەنێو هونەرمەندەکان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام دەدەن جۆری پرسیارەکانیان لەقسەی ئاسایی دەچێت. تا ئێستا کەس نەهاتوو بپرسێت بڵێت ئەم گۆرانییەت چۆن کردووە یاخود ئەمە چ جۆرە ستایلێکە. ئائێستا راگەیاندنەکان خەڵکەکە فێر ناکەن جۆری گۆرانییەکە چییە.

• دەتوانین بەهەموو کەسێك بڵێین هونەرمەند ئەگەر ئەکادیمی نەبێت، یاخود لەبواری هونەری نەیخوێندبێت؟

- نەخێر، ئەکادیمییەکان تەنیا ئەو کەسانەن کە لەبوارەکەی خۆیاندا دەخوێنن، بەڵام بەداخەوە هونەری کوردی ئێستا بەدەست ئەکادیمیەکانەوە نییە نازانم بۆچی.. بۆ نموونە ئێستا هونەری کوردی هەمووی چۆتە قاڵبی گۆرانی وتنەوە. جاران تەنیا هونەری کوردی گۆرانی نەبوو، بەڵکو هەموو بەشەکانی دیکەی هونەر بوو وەکو میوزیك و شانۆ دراما...تاد، بەڵام ئێستا وانییە گۆڕەپانەکە تەنیا گۆرانیبێژە ئەمەش کارێکی زۆر هەڵەیە، لێرەوە دەردەکەوێت کەئێمە کەسانێکی مشەخۆری گوێگرین.

• تاچەند لەگەڵ نوێکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکانی؟

- لەگەڵ ئەوەدام نوێبکرێنەوە، بەڵام ئەم بەرهەمانە نافەوتێن. خەڵك هەمووی لەبەریەتی، تەنیا ئەگەر من ببم بە مشەخۆری ئەوان ئەوە هونەری پێناڵێن، چونکە ئەوان خۆیان زۆر جوانیان وتوە لەو باوەڕەدا نیم کەس وەکو وان بیڵێتەوە، ئەو کارانە خۆی زۆر جوانە پێویست ناکات دەستکاریان بکەی.

• ئێستا کۆمەڵێك کلیپ لەشاشەکانی TV دادەبەزێت خەڵکی گلەیی ئەوەیان هەیە کە ئەم کلیپانە نەشیاون. بەرای تۆ تاچەند ئەمە راستە؟

- منیش لەگەڵ رای خەڵکدام، هەندێك کلیپ هەن زۆر نەشیاون بۆنموونە ئەو کلیپانەی لای ئێمە دادەبەزن تەقلیدی ئەورووپیین و زیاتر ئەو شتانە پیشانی خەڵك دەدەن کە کەموکوڕییان هەیە، لای خۆمان هەندێك گۆرانیبێژ هەن هەر نازانم چ گۆرانییەکیش دەڵێن بەمیلۆدیەکی سەقەت کۆمەڵێك کچی هێناوە تەنیا بۆ ئەوەی دەربکەوێت و بڵێن کلیپی کردووە من لەگەڵ ئەوەدانیم، راگەیاندنەکانی ئێمە تادوو گۆرانی باش لێدەدا چواری خراپ دادەبەزێنێت. پێویستە راگەیاندنەکان کەسانی وا دابنێن شتێك هەڵبژێرن بۆ نمایشکردن کە لەگەڵ حەز و ئارەزووی خەڵك بگونجێت و شارەزاییان لەهەموو ستایلەکان هەبێت.

• زۆربەی هونەرمەندان بە بارودۆخی هونەری کوردی ئەمرۆ رازی نین؟

- شتێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە بەردەوامی هونەری باش دروست دەکات، بۆ نموونە «گەر سەیری (عەدنان کەریم و بەهجەت و زەکەریا و ئەیوب و زیاد) بکەین لەکەیەوە بەردەوامن تا ئێستاش ئەو هەناسە درێژیە ستایلەکەت بۆ دروست دەکات. خەڵکانێکیش هەن گۆرانییەك یان دووان کردویانەتە سەروەت و سامانیان تا ماون دەیڵێنەوە، پێویستە هونەرمەندان بەردەوام کاری تازەیان هەبێت.

• ئێستا هونەرمەندەکان کاتێك دەگەڕێنەوە کوردستان بۆکۆنسێرت میوزیك ژەنی بیانی لەگەڵ خۆیان دەهێنن، چی دەڵێی بۆ ئەمە؟

- ئەمە کارێکی زۆر باشە. راستە ئێمە کۆمەڵێك هونەرمەندی باشمان هەیە لە بواری موزیکژەنی، بەڵام لەوانمان باشتریش هەن بۆنموونە هەندێك میوزیك هەیە میوزیك ژەنەکانی کوردستان هەر نایزانن چییە و پێی ئاشنا نین، ئێمە وڵاتێکین تازە لە سەرەتای بونیادنانەوەین، بەداخەوە موزیکمان ئەوەندە باش نییە. بۆیە من پێم باشە گرووپی موزیکی بیانی بێنە کوردستان، چونکە گروپەکانی ئێمە چاو لەوان دەکەن.

• ئەو شتە چییە کە زۆر تورەت دەکات؟

- درۆ کردن زۆر بێتاقەتم دەکات.


• گوێ لەدەنگی چ هونەرمەندێك دەگری؟

- زۆر کەم گوێ لەدەنگی هونەرمەندە کۆنەکان دەگرم. زیاتر حەزم لە(حەمەساڵح دیلان و قادر دیلان)ە لە گەنجەکانیش گوێ لە (زیاد و پەیوەند و ئەیوب و رۆژبێ..) دەگرم.

• لە کوردستان بەکەسایەتی کێ سەرسامی؟

- بەرێزان نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم ساڵح و نەوزاد هادی و پشتیوان سادق.





# برادەر لە فیلمێکی نوێی هۆڵەندیدا

هونەرمەنـدی ناودار و بـە ئەزمون برادەر جگە لەوەی خاوەن دەنگێکی چیایی و ڕەسەنە و گۆرانییەکانی گوزراشـت لـە هونەرێکی راسـتەقینە و رەسـەن دەکەن، لە هەمان کاتدا جگـە لە گۆرانی گوتن لە بـواری نواندن و سینەماشـدا زۆر سـەرکەوتووە و تا ئێسـتا بەشداری چەندین فیلمی سینەمایی کردووە بە زمانی هۆڵەندی.

لە پێوەندییەکیدا لەگـەڵ گوڵان دەربارەی دواییـن کارە هونەرییەکانی خۆی، برادەر پێی راگەیاندین کە هەمیشە لە هونەر بەردەوام دەبێت و دانابڕێـت، چونکە هونەر بووەتە بەشـێکی سـەرەکی لـە ژیانی و لە ڕێـگای هونەرەوە گوزارشـت لە ئێش و مەینەتییەکانی گەلی کورد دەکات و خەبات دەکات بۆ پێشخسـتنی هونەری کوردی و لە رێگای هونەرکەیشـیەوە گەیاندنی دەنگی میللەتی کورد بە جیهان.

بـرادەر هەروەها گوتی: ئێسـتا خەریکی کار کردنە لە فیلمێکی سـینەمایی بە زمانی هۆڵەنـدی و چاوەڕوان دەکـرێ ئەم فیلمە لە مانگـی ئەیلولـی داهاتوو لـە هۆڵەکانی سـینەمای هۆڵەندا نمایش بکرێ، بەڵام ناوی فیلمەکە و ئەو رۆڵەی کە بەرجەستەی دەکات ئاشکرا نەکرد.

# جۆلیا دەبێتە باڵیۆزی چێشتلێنانی تەندروست



ڕێکخراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کەوا ئەسـتێرەی سـینەمایی ئەمریکی جۆلیا رۆبیرتس بەشـداری لە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە قەلاچۆکردنی رێگەکانی چێشتلێنانی نا تەندروسـتدا دەکات، کە ساڵانە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی دوو ملیۆن کەس.

ڕێکخـراوی ناوبراو جۆلیـای وەك باڵیۆزی نێودەوڵەتی لەپێناو چێشـتلێنانی تەندروسـت و خاوێـن دەستنیشـانکرد، تیـم فـۆرت کە سیناتۆرێکی پێشووی ئەمریکییە رایگەیاند کە جۆلیا لەوانەیە یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاسـتی وشـیاری ملیۆنەها کەس بدات کە ڕووبەڕووی ئەم مەسـەلە ترسـناکە دەبنەوە و کاریگەری مەترسیدار لەسـەر تەندروستیان دروست دەکات و زۆر جاریش دەبێتە هۆی مردن، ئەویش لەبەر بەکارهێنانـی هـۆکاری کـۆن و دواکەتوو لە چێشتلێنان.



# جیزیل: هاوسەرەکەم خۆشدەوێت ئەگەر تاڵە موش لەسەری نەمابێت

خانمە نمایشـکاری جلوبەرگی ناودار جیزیل بۆندشین رایگەیاند کەوا زۆر گرنگی بە قژی هاوسـەرەکەی نادات و گوتیشـی: ئەو ئازادە چـی دەکات و چی ناکات بەتایبەتی لەو مەسەلانەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بەخۆیەوە هەیە.

تۆم برادی هاوسەری جیزیل کە یاریزانی تۆپی پێیە لەو ماوەیەدا قژی خۆی زۆر درێژ کردووە بەجۆرێك زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن باسـیان لێوە کرد، بەڵام جیزیل دەڵێ: ئەمە گرفت نییە بۆ من، چونکە من هاوسەری خۆم خۆشدەوێت ئەگەر قەڵەوە بێت و تەنانەت ئەگەر سەری رووتا بێتەوە و یەك تاڵە موویشی پێوە نەمابێت.

بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
xalil2001@yahoo.com
Mobile: 07504494920




## جانێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا دەکات

لەم رۆژانەدا لە وڵاتی تورکیا هەموو چین وتوێژەکانی سەرقاڵی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنن، کوردەکانیش بەشێوەی جیاجیا.

لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان خانمە هونەرمەند هۆزان جانێ رایگەیاند کەوا چەند رۆژێکە لە کوردستانی تورکیایە بەمەبەستی بەشداری کردن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی تورکیا، جانێ ئەوەشی راگەیاند کەوا ئێمەی هونەرمەند بە ئەرکی خۆمان دەزانین بەشداری لە هەڵمەتەکاندا بکەین بۆ ئەوەی پاڵێوراوانی کورد زۆرترین دەنگ لەم هەڵبژاردنانەدا بە دەست بهێنن، لە هەمان کاتتدا داوای لە کوردانی باکوور کرد بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن و دەنگ بە پاڵێوراوانی کورد بدەن، لە کۆتاییدا جانێ هیوای خواست کە پاڵێوراوانی کورد زۆرترین دەنگ بە دەست بهێنن.

## ( زیرەک ژێدار) لە پرۆژەیەکی هونەری نوێدا



هونەرمەند زیرەک ژێدار لە دەستپێکی ئەم ساڵدا پرۆژیەکی نوێی هونەری دەستپێکرد. ئەویش دامەزراندنی دوو گرووپی میوزیکی نێونەتەوەیی بە بەشداری چەند هونەرمەندێکی بیانی بەناوبانگ. کە ئێستا لە خۆ ئامادەکردندان بۆ بەشداری کردنی چەندین فێستیڤالی نێو نەتەوەیی. نوێترین کاریش ئەوە دەبێت کە تێکەڵکردنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی لەگەڵ چەندین شێوازی جۆراوجۆری مۆسیقای بیانی وەک ( هیندی،ئەفریقی،ئینگلیزی، ئیرلەندی،قەرەجی بۆلقان). شایەنی ئاماژەیە ئەم گرووپانە ناویان ( ڤیلگ وێل) (داینەمیکس). ئەم چالاکیانەش لە درێژە پێدانی کارە بەردەوامیەکانی رێکخراوی هونەری دەهۆڵە لە بەریتانیا کە زیرەک ژێدار سەرپەرشتی دەکات لە ساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو ئێستا. ئاوازی رەسەن و ئاڵای کوردستان و جلوبەرگی کوردی خاڵێکی گرنگی نمایشەکان دەبن لە ئاهەنگ و فێستیڤاڵەکاندا.

لە لایەکی دیکەوە هونەرمەند زیرەك ژێدار بە گوڵانی راگەیاند هەوڵ دەدەن لە دەرفەتێکی نزیکدا سەردانی کوردستان بکەن و ئەم گرووپە مۆسیقییە زیاتر ئاشنای کوردستان و هونەری کوردی بن.



## گریگۆرییڤا لە مافی خۆی خۆش بوو

کچە گۆرانیبێژی رووسی ئۆکسانا گریگۆرییڤا وازی لەو داوایەی هێنا کە دژی میل گیبسۆنی ئەستێرەی سینەمایی و بە توندوتیژی خێزانی تاوانباری کردبوو.

ماڵپەری (تی ئێم زی)ی ئەمریکی رایگەیاند کە دان هۆرفیتزی پارێزەری گریگۆرییڤا بە دادگای راگەیاندووە کە گریگۆرییڤا چیتر نایەوێ لەم داوایەی دژی گیبسۆن بەردەوام بێت ئەویش بە مەبەستی ئاسانکردنی مەسەلەی سەرپەرشتیکردنی کچەکەیان، هەروەها دەیەوێ راستەوخۆ لەگەڵ گیبسۆن بەردەوام بێت نەك لە رێگای ناوبژیوانانەوە، ئەم رەفتارەش بووەتە هۆی سەرسوڕمانی دادوەر.

شایەنی باسە لە ساڵی ٢٠١٠ گیبسۆن و گریگۆرییڤا جیابوونەوە دوای ئەوەی هاوسەرەکەی بە توندوتیژی خێزانی و وشەی رەگەز پەرستی تاوانبار کرد.

**کەس نییە لە هونەرمەند و هونەردۆستان کە لەکاتی بیستن و بینینی خانمە هونەرمەند تارا جاف بە چەنگەکەیەوە سەرنجی ڕانەکێشابێت و گوێی بۆ شل نەکردبێت، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی کە ئامێرەکە دەگمەنە یان ئێمە پێی ئاشنا نین و لەلامان نامۆیە، بەڵکو ئەوەی زیاتر سەرنجی گوێگر ڕادەکێشێت شارەزایی و بلیمەتی خاتوو تارایە لە ژەنینی کە نەك تەنیا بە جەستە، بەڵکو بە ڕۆحەوە دەچێتە نێو ئامێرەکە و پەنجەکانی لەگەڵ تارەکانی چەنگ بەشێوەیەك ئاوێتەی یەکتر دەبن کە هەستەکانی مرۆڤ دەبزوێنی، بۆ ئەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵان بە پێویستمان زانی هەڵسەنگاندنێکی هونەری خاتوو تارا بکەین لە زاری چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری هونەر و موزیکی کوردی ئەوانەی کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆیان لەو بوارە بەسەر بردووە بۆ ئەوەی بەو پەڕی ئازادییەوە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی بۆ بکەن.**

# ئەزموونی تاراجاف لە هەڵسەنگاندنی گوڵاندا

### تارا جاف جێگەی ڕێزە

هونەرمەند و مامۆستا و شارەزای بواری موزیك دڵشاد محەمەد سەعید دەربارەی هونەرمەند خاتوو تارا جاف و ئەو ستایلەی تایبەتەی لە گۆرانی گوتندا هەیەتی دەڵێ: ئەگەر هەر کەسێك بتوانێت بە هەر ئامێرێکی موزیکی ناسراو خزمەت بە هونەر و موزیکی کوردی بگەیەنێت ئەوە جێگەی شانازییە، بەڵام کەسێك بتوانێت بە ئامێرێکی موزیکی وەك هارپ و بەو شێوەیە ستانداره ڕێکوپێکە خزمەت بکات (بەتایبەتی فۆلکلۆری دەڤەری هەورامان) کە کەس تەنانەت ئەم ئامێرە ناناسێت و ئاشنای نییە، بە ڕاستی جێگەی شانازییە، لەگەڵ ئەوەش هاوڕێی دەنگی زمانی ئافرەتێکی کورد بێت (سۆلۆ) هەر ئەمە خۆی لە خۆیدا جێگەی ڕێزە.

بێجگە لەمە هونەری جوان کە لەدەنگی خانمە هونەرمەند تارا جاف دەردەچێت، کەسایەتی خاتوو تارا خۆیەتی کە بەڕاستی کەمتر نییە لەو هونەرەی کە پێشکەشی دەکات، هیوادارم بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە هونەرمەندێکی وەکو خاتوو تارا جاف بکرێت و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم.

### تارا جاف توانیی چەنگ بگەڕێنێتەوە بۆ نێو کورد

مامۆستای هونەرمەند وریا ئەحمەد کە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی لە بواری گۆرانی و موزیك بەسەر بردووە و کتێب و چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی دەربارەی موزیکی کوردی و ئامێرە موزیکییەکانی کوردی نووسیوە، دەربارەی ژەنینی چەنگ و گۆرانییەکانی خاتوو تارا دەڵێ: من خۆم شانازییەکی زۆر بەم خاتوونە هونەرمەندە دەکەم و پێموایە پێویستە هەموو میللەتی کورد لە هەر شوێنێك بێت شانازیی پێوە بکات، لە ڕاستیدا نەك تەنیا لەنێو ئێمەی کورددا، بەڵکو لەنێو میللەتانی دەر و دراوسێش بۆ نموونە عەرەب، فارس، تورك تەنانەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی تا ئێستا نەمبیستووە کەسێك هەبێت وەك خانمە هونەرمەند تارا جاف ئەم ئامێرە بژەنێت کە دەتوانین بڵێین ئامێرێکی کوردییە، چونکە دیارە ئەم ئامێرە لە سەردەمانێکی کۆن لە وڵاتی ئێران هەبووە و ناوی چەنگ بووە، لە دێر زەمانیشەوە لە وڵاتی ئێران تەنیا فارس نیشتەجێ نەبوون و وەکو لە مێژوودا باس دەکرێ کورد ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەم وڵاتە لە هەموو لایەن و جموجۆڵە جیاجیاکانی ئەم وڵاتە.

ئەوروپییەکان ئەم ئامێرەیان وەرگرتووە و ناویان ناوە هارپ ئەم ئامێرە لە کۆنەوە ئامێرێکی موزیکی کوردی بووە یاخود کورد یەکێك بووە لەو میللەتانەی کە دەستی هەبووە لە داهێنانی وەك ئامێری چەنگی کۆن، ئەم خاتوونە هونەرمەندە توانیی جارێکی دیکە بیگەڕێنێتەوە باوەشی دایکی و بۆ نێو کورد لە هەمان کاتتدا بە شانازییەوە بیژەنێت و وەکو ئەستێرەیەکی گەش لەنێو هەموو ئامێرژەنەکانی، ئەمەش شتێکی زۆر تایبەتمەندە و وەکو گوتم پێویستە شانازیی پێوە بکەین.

### داهێنانێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە

هونەرمەندی بەتوانا ڕۆژ کەریم دەربارەی خاتوو تارا جاف دەڵێ: تارا هاوڕێیەکی نزیکمە یەکێکە لەو ئافرەتانەی خاوەن ستوونێکی زۆر تایبەتە و کەسێکی زیرەکە، بۆچوونەکانی لە شوێنی خۆیدایە، لە بواری هونەر و ئەو ستایلە هونەرییە تایبەتەی خۆیدا کەسێکی داهێنەر و پرۆفێشناڵە لەکارەکانی دا، هیچ کەسێك وەك ئەو گۆرانی ناڵێت بەو شێوەیە و بەم ئامێرەی کە تارا خان گۆرانی پێدەڵێ، چونکە وەك هەموو لایەکمان دەزانین خاوەن ستایلێکی تایبەتی خۆیەتی. دەتوانم بڵێم بەو ستایلە تایبەتەی توانیویەتی داهێنانێك لە هونەری کوردیدا بکات، ڕاستە بەرهەمەکانی لەوانەیە کەم و وەکو پێویست نەبن، بەڵام هەر شتێکی پێشکەش کردبێت، جۆرێك بووە لە داهێنانی هونەری.

### بە ژەنینی چەنگەکەی جۆرێك لە تێکەڵاوی لەگەڵ دەنگی خۆی دروستکردووە

مامۆستای هونەرمەند خالید سەرکار کە ئەویش شارەزا و پسپۆڕێکی بواری گۆرانی و موزیکی کوردییە دەڵێ: ئەوەی ڕاستی بێت خاتوو تارا یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەو ستایلە تایبەتەی خۆی خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بە هونەری کوردی بکات، هەرچەندە تارا خان بەرهەمەکانی بە ژمارە کەمن، بەڵام سەرەڕای ئەوە توانیویەتی جێگەی خۆی لەنێو دڵی جەماوەری کوردیدا بکاتەوە، تارا خان توانیویەتی بە ژەنینی چەنگەکەی جۆرێك لە تێکەڵاوی لەگەڵ دەنگی خۆی دروست بکات کە بۆ کەسانی تر ڕەنگە زۆر ئاسان نەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا لەگەڵ چەندین هونەرمەندی لێهاتوو و بە توانا کاری کردووە و زۆریش سەرکەوتوو بووە، هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم لە کارەکانی داهاتوویدا.

### دەنگی تارا زۆر جوان و ڕوحانییە

هونەرمەندی بە توانا و خاوەن ئەزموون عەدنان کەریم کە لەگەڵ خاتوو تارا کاری کردووە و کارەکەیان بە شایەتی هەموو لایەك زۆر سەرکەوتوو بووە، لەدیمانەیەکی



تایبەتی گۆڤاری گوڵاندا کە بەر لە ماوەیەك ئەنجامدراوە بەم شێوەیە باسی لە خاتوو تارا کردووە:

- تارا خان هونەرمەندێکی زۆر هەست ناسکە کە کورد بتوانێت شانازی پێوە بکات و تاکە ئافرەتی کوردە کە چەنگ بژەنێت، لەڕێگەی کۆنسێرتێکەوە لە لەندەن یەکترمان ناسی، ئامێرەکەی زۆر رۆحییە و خۆیشی هەستێکی پاك و جوانی هەیە و بڕواشم بەوە هەیە زۆر گۆرانی هەیە تەنیا بە یەك ئامێرەوە جوانە. پێم وت گۆرانییەکی مامڵێ هەیە حەز دەکەم بەیەکەوە بیلێین ئەویش پێی خۆش بوو کاتێك لەکۆنسێرتەکەدا گۆ ر ا نییە کە مـا ن وت هەستێکی سەیر ئامادەبووانی داپۆشی و بێدەنگ بوون. دەنگی تارا زۆر جوان و ڕوحانییە، بە ئیعتیرافی خۆیشی هەست دەکەم دەنگی من گونجاوە لەگەڵ ئامێرەکەی ئەودا و لە بەرنامەمدایە بۆ ئایندە بە یەکەوە کارێکی تر بکەین.